# دیمانەیەك لەگەڵ ئیبراهیم یونسی

د.ئیبراهیم یونسی نووسەر و وەرگێڕی دیاری کوردستانی خۆرهەڵات، لەم چاوپێکەوتنە هەمەلایەنەدا چەند لاپەڕەیەکی گرنگی ژیانی ئەدەبی و کولتووری و رامیاریی و کۆمەڵایەتی خۆی هەڵدەداتەوەو بە وردی باس لە بەرهەم و ژیان و و کتێب و بارودۆخی رۆشنبیریی کوردی دەکات، چاوپێکەوتنەکەش لەلایەن هەرسێ نووسەری بەڕێز (محەمەد حەمە باقی، رەئوف تەوەکولی، بەدرەدین ساڵح) لە تاران و لە ماڵی د.ئیبراهیم یونسی سازکراوەو لە ژمارە ٣٧ ساڵی ١٩٩٩ گۆڤاری راماندا بڵاوکراوەتەوە، لە بەر گرنگی دیدارەکە پێمان خۆش بوو بەشێکی لە ڕۆژاردا وەك خۆی بڵاوبکەینەوە.*



محەمەد حەمە باقی

ئیبراهیم یونسی

**لە خۆتەوە دەست پێدەکەین، برایم یوونسی کێیەو لە کەیەوە لە تارانە..؟**

برایم یوونسی: لە ساڵی (١٩٤١)وە کە دەکاتە نزیکەی (٥٦) ساڵ، لە بانەوە هاتووم و لە تاران نیشتەجێم..

* (٥٦) ساڵە لێرەی، بەڵام وەك لە نزیکەوە ئاگامان لێیە، هەست و بیرەوەری و پێوەندی کۆمەڵایەتیت بە کوردستانەوە نەبڕاوە، سەرەتای ناسینی ڕۆژنامەوانیت وەك وەرگێڕێك دەناسرێی، حەز دەکەین بزانین خۆشەویستی وەرگێڕان لە کوێ و چۆن لە لای ئێوە دروست بوو..؟

برایم یوونسی: وەك دەزانن کەسێك کە دەرس بخوێنێ، یەکێك لە ئارەزووە بەرزەکانی نووسین و بڵاوکردنەوەی نووسینە، ئارەزوو دەکا ناوی لەسەر گۆڤارێ یان کتێبێکدا هەبێت، مرۆڤ لە تەمەنی لاوێتیدا بەردەوام وایەو لەو حاڵەتەدا دەژی، ئەوەی لە بیرم بێت ساڵی (١٩٥١) هێدی هێدی دەستم بە نووسین کرد، سەرەتا نووسینەکانم سەبارەت بەو دزیانە بوون کە لە ئیدارەکەمان دەکران، یان هەڵسوکەوتێکی نالەبار کە لەلایەن یەکێك لە فەرمانبەران ڕووی دەدا، وەك ئەوەی فەرماندەیەك لەتەك ژێر دەستەکانی خۆیدا دەیکرد، واتە هەر شتێك نارەوایی تێدا بوایە من دەمنووسییەوەو وەك ڕاپۆرتێك دەمدایە ئەو حزبەی منی تێدا بووم، ئەوکاتە حزبی تودە هەندێك لەو نووسینانەی منی لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا بڵاو دەکردەوە.

*** ئەم نووسینانەت هەر بە ناوی (برایم یوونسی)یەوە دەنووسین..؟**

برایم یوونسی: نەخێر بەناوی خواستراوەوە دەمنووسین.

*** ئەم نووسینانە ئێستاکە وەك نووسین شانازییان پێوە دەکەیت..؟**

برایم یوونسی: نەخێر شانازییان پێوە ناکەم، ئەو وەختە ئەوانە شتێك بوون.. نازانم ناویان بێنم چی، هەوەس یان زەوق، بەڵام بۆ خۆم تۆزێ ڕازی بووم کە دەمدی فلان ڕۆژنامە شتێکی چاپ کردووە کە من نووسیومە، ئەمەیانم پێ خۆش بوو. دواتر کە کەوتینە زیندان، من دەستم کرد بە خوێندنەوە، لەسەرەتاوە دەستم کرد بە ئینگلیزی خوێندن، دواتر برێك خوێندنەوەی خۆم بەرفراوانتر کردو کەوتمە خوێندنەوەی ڕۆمانی ئینگلیزی و لە "چارلز دیکنز"ەوە دەستم کرد بە وەرگێڕانیان..

چارلز دیکنز زمانەکەی زۆر سەختە، بە ناچاری خۆم خستە بەر ئەم سەر ئێشەیەوەو لە ساڵی (١٩٥٦) کتێبی "ئارەزوهای بزرگ" "ئاواتە مەزنەکان"م کرد بە فارسی، ئیتر کەوتینە چاڵەکەوە بۆ خوێندنەوەو تاقیکردنەوەی تواناى خۆمان، بەڵام ئەمجارە مەبەستم نەبوو خۆم شت بنووسم، ڕاستی ئەزموون و زانیارییەکانی خۆمم پێ کەم بوو، بۆیە بەردەوام پرسیارم دەکرد، لە کتێبخانەکان دەگەڕام، بۆ نموونە جیرۆك چییە، ڕۆمان چییە، چ تایبەتمەندییەکیان هەیە کە دەبێ پێی بڵێین چیرۆك، ڕۆمانتسیزم چییە، کلاسیزم چییە، ئەمانەم دەپرسی، لە زینداینشدا خۆ کەس نەبوو وەڵاممان بداتەوە، بۆیە ناچار بووم کەوتمە نامە ناردن و پێوەندی کردن لەگەڵ ئینگلیزو لەگەڵ فەرانسەو لەگەڵ شورەوی ئەوکات، کە شۆرەوییەکان هەرگیز وەڵامیان نەدامەوە، دەبێ ئەمە بڵێم کە سەرەڕای هەموو زۆردارییەکی ڕژێمی شا ئەوەی هەبوو کە ڕێی دەدا لە زینداینش نامە بچێ و وەڵامی بۆت بێتەوە..

لە ئینگلیز بیستم دەزگایەك هەیە کە لەڕێگای نامەوە وانەی فێربوونی چیرۆك نووسین دەڵێتەوە، نامەیەکم بۆ نووسین، لە وەڵامدا بۆیاننووسیم بەڵێ ئێمە هەمانە، ڕێگایەکەشی وایە کە دەبێ ئەوەندە پارەمان بۆ بنێری بە فلان ژمارە، پاش ئەوەی ناردت ئێمەش کتێبت بۆ دەنێرین، مانگێ بە مانگ کە تەواو بوو ئێمە ماوەت دەدەینێ و دوایی لە ناوەڕۆکی کتێبەکە تاقیکردنەوەت پێ دەکەین..

کارەکەشیان ئاوایە هەر کە کتێبەکەت تەواو کرد دەبێت چیرۆکی یەکێ لە نووسەرە ناودارەکان، درێژ یان کورت شیبکەیتەوە، هۆو ئەگەرەکانی بە چیرۆك بوونی دەستنیشان بکەیت، دوای ئەوەی کە بە وردی لێکۆڵینەوەت لەسەر کرد، دەبێت خۆشت چیرۆکێك بنووسی، من هاتم ئەم دەورانەم تەواو کرد، کە سەرجەمی لە دەوروبەری (٢٠) کتێب بوو، ئەو (٢٠) کتێبەم خوێند چیرۆکەکانی (چیخۆف- تۆلستۆی- گۆرکی)م بۆیان شیکردنەوەو لەسەرم نووسین.

چیرۆکە ئینگلیزییەکان، بۆ نموونە (دیکنز- ویڵز) و ئەوانەم بۆ خوێندنەوەو ڕوانین و تێگەیشتنی خۆم لە بارەیانەوە نووسی و بۆم ناردنەوە، ئەڵبەتە بەشێك لەم کارانەم ئێستاش لەلاماون، کابراش لەوێ سەری سوورمابوو کە دەی دیت چیرۆکێکی (٥) لاپەڕەیی من (٢٠) لاپەڕەم لە بارەیەوە نووسیوە، بۆیە بەنامە بۆی نوسیبووم تۆ ئێشت چییە، بۆم نووسی وا لە زیندانم، دواتر زانرا کە ئەم پیاوە (مامۆستایە)و ئەندامی کۆمیتەی (برتۆلد رسل)ە بۆی نووسیبووم من بەدوای کارەکەت دەکەوم و هەوڵ دەدەم یارمەتیت بدەم، بە هەرحاڵ من ئەو دەورەی فێربوونی چیرۆك نووسینم بەسەرکەوتوویی دیت.

ئەوکات دوو داستانیشم بە ئینگلیزی نووسیبوو،

سەبارەت بە یەکەمین ڕۆژانی چوونە مەکتەبم و یەکێکی تریش بوو.. ئیتر ئەمیان لە یەکێك لە گۆڤارە هەرە باشەکاندا بە کەمێك دەستکارییەوە بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەو مامۆستایەم زمانەکەی بۆ ساغ دەکردمەوە کە لە گۆڤارێکدا بەناوی ژن چاپ بوو.. بەم شێوەیە من بووم بە وەرگێڕ و لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا زۆرم خوێندەوەو زۆرم وەرگێڕا.. واتە تا ساڵی (١٩٧٩) بێ بڕانەوە خەریك بووم..

*** باشترین وەرگێڕانەکانی ئەو ڕۆژگارەت کامانە بوون..؟**

برایم یوونسی: (ئارەزوهای بزرگ- ئاواتە مەزنەکان) کە ئەو ساڵی خەڵاتیان دا بە باشترین دوو کتێب یەکێکیان "ئۆدیسە"ی وەرگێڕ "سەعید نەفیسی" و ئەوی تریان ئەم (ئاواتە مەزنەکان)ی من بوو.. خەڵاتەکەش لەلایەن زانکۆی تارانەوە بوو، ئیتر دوای ئەم خەڵات کردن و ڕێزگرتنە من هاندرام و دەستم کرد بە وەرگێڕان، هەر لە سەروبەندی زیندانی بوونم سێ چوار کتێبم وەرگێڕا، کە ئەگەر لە بیرم بن یەکیان (سپارتاکۆس)ی (هوارد فاست)و (خانەی قانوون زا)ی (چارلز دیکنز) بوو، یەکێکیش (خەباتی جادووشدە) بوو... کە هی (شالۆم ئەلەی خەمنز) نووسەری سۆسیالیستی یەهودی کە هاوچەرخی گۆرکی و تۆلستۆی بووە..

ئەم کابرایە نووسەرێکە مرۆڤ دۆست و گەورەیە، لەسەر وەرگێڕانی ئەم کتێبە ئێمەیان خستە نارەحەتییەوە، چونکە کاتێك لە زیندانیش دەرچووم پیاوە زاناکان وتیان ئەمە ڕاگەیاندنە بە قازانجی جوولەکەکان و شکایەتیان لە من کرد، لە کاتێکدا لە بنەڕەتدا لەم بەرهەمەدا باسی جوولەکە لە ئارادا نییەو کابراش لەم نووسینەدا دژی جولەکەیە.

*** حەزدەکەین باسی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ بکەی چۆن هاتییە تاران، بە چ ئومێدێك و دواتر بە چ بەرهەمێکەوە گەڕایتەوە کوردستان..؟**

برایم یوونسی: من لە ساڵی (١٩٤٣) هاتمە تاران و لێرە نیشتەجێ بووم، کە هاتم لە (ئامادەیی) نیزام دەستم کرد بە خوێندن، ئەوکاتەش ئەو دەمە بوو کە لەلایەن لەشکری کوردستانەوە بڕیارێك دەرچوو کە ئاغاکان و سەرۆك خێڵ و هۆزەکان ئەگەر کوڕیان هەبێت و تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندبێ بابێن لە ئامادەیی میدی نیزام بخوێنن، لە شاری بانە جگە لە من کەس نەبوو تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندبێت.

حەمە ڕەشید خان کە لە بانە بوو، نامەیەکی بۆ سەرهەنگ (ئەفشار ئۆغلوو) فەرماندەی تیپی سەقز




نووسی، من و باوکم و نامەکە چووینە سەقز، لەوێ نامەیەکی تریان بۆ جێگری فەرماندەی لەشکری ئەوکات سەرهەنگ (بایوندۆر) نووسی.

قادر خانی ئەنوشیروانی لە ئاغاکانی فەیزوڵڵا بەگی پورزای من بوو، پێشتر نوێنەری مەجلیس (پەرلەمان) بوو لەگەڵم هات و فەرماندەی لەشکر نامەی بۆ نووسیم بۆ (دەبیرستان) ئامادەیی نیزام، حەمە ڕەشید خانیش نامەیەکی بۆ سەرتیپ ئەرفەع کە دواتر بوو بە سەرۆکی ستادی ئەرتەش نووسی... ئیتر ئەوکاتە بوو هاتمە تاران و دەستم بە خوێندن کرد...

*** دوای ئەوەی خوێندنت تەواوکرد چیت کرد..؟**

برایم یوونسی: ساڵی (١٩٤٨) بووم بە پلەدار لە دەستەی سوارە، لێت ناشارمەوە لە قۆناخی خوێندن زۆر شەڕکەرو بەکێشە بووم، بەتایبەت لە بیرمە لەسەر عەلی عومەرو ئەمانە زۆرم شەڕ کرد، کە خوێندنی سەربازیم تەواو بوو وتیان حەز دەکەی بۆ کوێ بچیت.؟ وتم بۆ (ورمێ)... حەزم دەکرد بگەڕێمەوە کوردستان ئاووهەوای ورمێم پێ خۆش بوو، وەك هی هەموو شارێکی تری کوردستان، ماوەیەکیش لە (شنۆ) مامەوە ئەوەی لە بیرم بیت ئەوکات خێڵی هەرکی و ماسال لە عێراقەوە دەهاتنە دەوروبەری شنۆ بۆ کوێستان و چەلین، لە شنۆشدا مووساخانی زەرزای دۆستی باوکم دەیووت لە شەڕی هەوشاری لەگەڵ باوکت بوومە ئاشنا.




*** کە باسی شاری شنۆ دەکرێ زۆر ڕووداوی مێژوویمان دێتەوە بیر، بەتایبەت ڕووداوی کوشتنی سمکۆی شکاك لە شنۆدا.. لەو بارەوە هیچ زانیارییەکت وەرنەگرت..؟**

برایم یوونسی: بەڵێ پرسیم.. لە فەتاح ئاغای باوکی ئەسعەدی هەرکیم بیستووە، خۆیشی لەوێ بووە، برینداركرا بوو، لەو كارەساتەدا، ڕۆژێك وتی دەست لێرەم بدە.. وتم ئەوە چییە... گوتی ئەمە خەڵاتی ئێوەیە، وتم خەڵاتی چیی؟ وتی ئەمە گوللەی عەجەمە لە لەشمدا ماوەتەوە، وتی من لەگەڵ سمایل ئاغای شكاكدا بووم بەدەست نیشانی دام و ئاماژەی پێكرد وتی لێرە دەهاتینە خوارێ بە تفەنگ دەستڕێژیان لێ كردین، دەیوت خورشیدی برام لەگەڵ سمایل ئاغادا شەهید بوو، منیش بریندار بووم، ئەمەو گەلێ شتی تریشی بۆ گێڕامەوە. بەم شێوەیە تا ساڵی (١٩٥٤) كە لەسەر كاری سیاسی زیندانی كرام هەر لە ئەرتەش (لەشكر) دا مامەوە.

*** ئەو ماوەیەی لە زیندان بوون توانیتان زمان فێر ببن، کەواتە لە زیندان و دوای زیندانیش کاری وەرگێڕانتان بەردەوام بوو؟**

برایم یوونسی: بەڵێ لەگەڵ وەرگێڕان هەر بەردەوام بووم تا ئەو كاتەی ساڵی (١٩٧٩) بەشێوەیەكی زۆر جدی تر هەموو ژیانی خۆم تەرخان كرد بۆ وەرگێڕان و نووسین.

*** جگە لە وەرگێڕان کاری تریشتان لە مەیدانی تردا هەیە، حەز دەکەم زیاتر باسی کتێبەکەی (هونەری چیرۆك نووسین)مان بۆ بکەیت..؟**

برایم یوونسی: كتێبی (هونەری چیرۆك نووسین) لە زینداندا ئامادەكراوەو نووسراوە، ئەو كاتەی دەورەی چیرۆك نووسینم لە زیندان دەخوێند ئەمەشیانم نووسیوە، لەبەرئەوەی دیتم ئەو دەورەی كە من دەیبینم كەمەو زۆر شت هەیە هێشتا پیاو بۆی شی نەبووەتەوە نامەیەكم بۆ ڕێكخراوی (گۆركی) لە ڕووسیا نووسی كە بەداخەوە ڕووسەكان وەڵامیان نەدەدایەوە.. یان پۆست نەیدەگەیاند، یان ئەو ڕێكخراوە بێ سەروبەربوو... دواتر نامەم بۆ فەڕەنسە نووسی، لەگەڵ ناوەندەكانی وەرگێڕان و چیرۆك نووسی لە ئەمەریكا، یاخود ئەو زیندانییانەی كە ئازاد دەبوون دەچوون بۆ ئەوروپا، منیش پێم دەوتن ئەگەر سەرچاوەیەك (ناونیشان و بەڵگەیەكیان) دەست كەوت سەبارەت بە چیرۆك نووسین بۆم بنێرن و لەگەڵ ئنگلستانیش بەردەوام پێوەندیم هەبووە، ئەمانەم لەگەڵ خوێندنەوەو خەتی ئێرانیدا دەهێنایەوەو هەندێ بەدواداچوون و یاداشتم لێ دەنووسین كە دواتر بوون بە كتێبی داستان نووسین و لە ساڵی (١٩٤٣) بڵاوم كردنەوە.



جواد مجابی — محمود دەوڵەت ئابادی — ئیبراهیم یونسی

*** بەرلەوەی بکەونە زیندان جگە لە زمانی فارسی و کوردی زمانی ترتان دەزانی..؟**

برایم یوونسی: تا ڕادەیەك فەڕەنسەییەم دەزانی، چونکە ئەوکات لە قوتابخانەکاندا دەرسی فەرەنسی دەخوێندرا، لەبەرئەوەی کوکرد لە بنەڕەتدا هۆگری فێربوونی زمانە و تواناشی هەیە زوو فێری زمان ببێ، کاتێك لە سەقزیش دەمخوێند زمانی فەڕەنسییم باش بوو، کە هاتمە تارانیش هەروا بووم و کە چوومە فەڕەنسەش هەر دەمخوێندەوە.

***چوونتان بۆ فەڕەنسە پێش زیندان بوو، یان دوای زیندان بۆچی دەچوون..؟**

برایم یوونسی: باوەڕ بکە یەك وشەی زمانی ئینگلیزیم نەدەزانی، بەڵام کە چوومە زیندان دیتم من فەڕەنسی دەزانم، بەڵام بە فەڕەنسی شت ناخوێنمەوە، وتم با بەشتێکی تازەوە خەریك بم، بەشتێك کە هیچی لێ نازانم. لەسەرەتادا لە ئەلف و بێی ئینگلیزییەوە دەستم پێکرد، بێگومان زمانی فەڕەنسی باشترین پاڵپشتم بوو بۆ فێربوونی ئینگلیزی، چونکە ناردم لە دەرەوە فەرهەنگێکی ئینگلیزی فەڕەنسەییان بۆ کڕیم، وا بزانم ئەو کات بە (٥٠- ٦٠) تومەن بوو، ئاخر پیاو لە زینداندا بێکارە، بەدەنگی بەرز ئینگلیزییەکەم دەخوێندەوە، ئەڵبەتە کەسی وای تێدا بوو کە چووبوونە ئەمەریکا و گەڕابوونەوە وەك ئەفسەری ئاسمانی و ئەوانەی بەشێوەیەکی سەرەتایی دەیانتوانی وانەی ئینگلیزی بە ئێمە بڵێنەوە، بۆیە لە دەرسی ئەوانیش کەڵکی پێویستم وەرگرت.. دەچووم لە پۆلەکەیان دادەنیشتم و کەڵکم وەرگرت و دەمنووسییەوە، ئەم دووریەشم لە پێش زیندان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆ، کە هۆی سەرەکی ئەوەبوو ڕقم لە ئینگلیزو ئەمەریکا و لە زمانەکەشیان دەبووەوە...

*** دیارە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و شڵەژانی بارودۆخی کوردستانی ئێران جەنابتان بۆ ماوەیەك پارێزگاری کوردستان بوون کە ئەم ئەرکە زیاتر لە چوار مانگی نەخایاند و دووبارە گەڕایتەوە دنیای نووسین و وەرگێڕان، چۆنت دەست پێکردەوە؟**

برایم یوونسی: ڕاست دەکەی لەوێوە دووبارە دەستم پێکردەوە، بەڵام ئەمجارە بی پسانەوەو تا ئێستاش بە بەردەوامی ماومەتەوە.

*** لەو ماوەیەداو بەر لەوەو ئێستەش حەز دەکەیت بزانین زیاتر حەز بە نووسینی کام نووسەری ئێرانی دەکەی و لای ئێوە نووسەرو وەرگێڕی بەرزن...؟**



محەمەد حەمە باقی لەگەڵ خێزانی ئیبراهیم یونسیدا

برایم یوونسی: لە هەموویان زیاتر ئەوەی بەڕۆحم نزیکە (ئەحمەد مەحموودە) کە ئەمیشیان کوردە و باپیری کەلهوڕ بووەو لە کەلهوڕەوە هاتووە، چووەتە ئەهواز و لەوێ ژنی هێناوە.. ئیتر لە کورد بوونی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەڕێز ئەحمەد مەحمود هەست بە کورد بوونی خۆی و کوردایەتی دەکا و لە ماڵەکەشیان بەلوڕی قسە دەکات، ئەڵبەتە (مەحمود دەوڵەت ئابادی) هەروایە، کەچی کارەکانی برێك درێژدادڕی تێدایە، بەڵام خۆشم دەوێ.. کەچی پیاو لەو درێژدادڕییەی وەڕز دەبێ، نموونەکانی زۆر وەك کلیدر، بەڵام کارەکانی وەك (جای خالی سلوچ)ی تا (٢٥٠) لاپەڕەی سەرەتایی کارێکی جوانە، دوو مەیدانن، ئەحمەد مەحمود نووسەرێکی شارییە، واتە وەسفی ژیان و خەڵکی شار دەکات.. مەحمود دەوڵەت ئابادی پەردەی نەقاشییەکەی فراوانترو بەربڵاوترە، وشکانی و چۆڵەوانی و لادێکان و ژیانی لادێ وەسف دەکات.. جگە لەمانە بۆ نموونە لە نێوژناندا من هەندێ چیرۆکی (گوڵی تەرەقی)م پێ خۆشە.. چیرۆکی (مهشیر امیر شاهی)م پێ خۆشە، زۆر هەستێکی ژنانەیە. چیرۆکی یەکەمی (سیمین دانشور) بەناوی (سوشون) زۆرباش بوو، بەڵام چیرۆکی کۆتایی (جزیرە سرگردان) دوورگەی سەرگەردان زۆر خراپ بوو، پیاو دەکەوێتە گومانەوە کە ئاخۆ بەڕاستی (سوشون)یش سیمین دانشوەر خۆی نووسیویەتی، یان یەکێکی تر بۆی نووسیوە، چونکە ئەوەندە خراپ بوو، پیاو چاوەڕوانی نەدەکرد دوای ماوەیەکی نزیکەی (٢٠) ساڵ کە چاوەڕوانی کامڵ بوونی لێ دەکرد، کەچی دەبینی بەرەو دواوە چووەتەوە. لەناو ژناندا من خانمی (ئەمیر شاهی) م پێ باشترە لەگەڵ خانمی (گوڵی تەرەقی) کە چیرۆکی باشیان هەیە. لەناو پیاواندا تاك تاکە بۆ نموونە (قازی ڕەبیحاوی)و ئەمانە چیرۆکیان هەیە بۆ نموونە (هۆشەنگ ئاشورزادە) جار جار چیرۆکی باش دەنووسێ، چیرۆکێکی بەناوی (قمر در عقرب)ی خەراپ نییە.

*** ئەگەر بە یادتان بێت زووتر بۆ (ڕەبیحاوی) مان عەرزکردی، ئەوکاتەی نموونەت لێ خوێندەوە..**

برایم یوونسی: بەهەرحاڵ ئەوکارەی دواینی کە من دیومە کارێکی باش نەبوو، چیرۆکی (گیسو) بە بڕوای من شتێکی باش نەبوو... (جەمال میر سادقی) لە چیرۆکی (منداڵی)دا خراپی نەنووسیوە، بەڵام چیرۆکەکانی تری بەتایبەت کە هاتۆتە سەر ڕۆمانیش بە هیچ شێوەیەك بەکارنایەن و هیچ نین، هەروەها (گلشیری)یەك دوو چیرۆکی باشی هەیە، بەڵام بە بڕوای من ئەویان خۆی بەستووەتەوە بەم هونەرانە (تەفەنونانە) ئەمەش کارەکەی خەراپ کردووە، من لەگەڵ ئەمانەدا نیم، بێگومان دوو مەسەلە هەیە، یەکەمیان پیاو ئاگاداری کارو ئاڵوگۆڕی نووسین بێت، دووەم ئەوەی کە پیاو خۆی بەهرەو تواناکانی هەبێت، وەك شیعر، لوتکەی نووسین و چیرۆك نووسین ئەوەیە کە لە شیعر نزیك بێتەوە، واتە ئیلهامی خۆتت هەبێت، هەروەها کارەکەشت وای بەسەر بێت کە بەشێوەی (ئەڵمانی) شیعر و ڕستەی شیعری لە مۆسیقادا، واتە وشەکان شێوەی ڕستەی شیعری وەربگرن، تا بتوانێ هەستی خوێنەر زیندوو - و گەش بکاتەوە، بۆ نموونەترووسکەیەك گۆشەیەك لە دنیایەك ببینێ کە تا ئێستا کەس نیشانی نەدابێ، یان بەو شێوەیە جوان و ڕوون نەینواندبێ، واتە داهێنان بکا،

*** لە (کلیدر)ی (مەحمودی دەوڵەت ئابادی) دا کە باسمان کرد جار جار بۆن و بەرامەی کوردانی خۆراسان لە لای (گوڵ محەمەد) هەست پێدەکرێ، جەنابتان ئەمە چۆن دەبینن..؟**

برایم یوونسی: من ئەوە نابینم، ئەو خێزانەی کە دەبینم خێزانێکی کورد نین، دابونەریتی کوردیان نییە، من ئەو باسەم بە کاك مەحمودی دەوڵەت ئابادی خۆیشی وتووە، خێزانی ناو چیرۆکەکەی کورد نین، دابونەریتیان هی کوردەواری نییە، دەوڵەت ئابادی خۆیشی دەڵێ کوردی نین، بە کوردیش نادوێن... من ئەمەیانم لە خۆی پرسیوە.. خێزانی (کلمیشی) لە کوردەواریدا ناوی واشمان نییە..

(مەحمود ئەرکال) چیرۆکێکی نووسیوە بەناوی (گوندێك لە ئانادۆڵ) من بڕوام وایە کە نووسەری ئێمەی کورد لەم حاڵەتەدا دەبێت شتێکی وا بنووسێ، جووتیارە و مانگاکەی و گوێ درێژەکەی و ماڵ و ئاغا و جەندرمەی تێدا بێت، ئەمەیە ناڕەحەتی خەیاڵی کە لە ماڵەوە مانگا ژان دەکا تەنیا هیوای ئەو ماڵەش مانگاکەیانە ژن و پیاو هەستیان چییە؟

پاراستنی و پاك و خاوێنی لەناو دێدا چۆنە، خەڵك دەڵێ دەرزی فلان ئاژەڵت وەشاندووە، یان نەتوەشاندووە.. لە ڕاستیدا دەبێت ژیانی خەڵك بە خەڵك نیشان بدەن. من لە مێژووی ئەفەریقادا کە وەرمگێڕاوە، لەوێ لە نووسەرێك دەپرسن لە کۆتاییدا دەڵێت، دەپرسێ نووسەر ئەرکی چییە؟

دەڵێ من ئەرکم ڕێنوێنی نییە؟ ئەرکم ئەوەش نییە بۆ نموونە بە تۆ بڵێم چی بکەو چی مەکە. من



وێنەگرێکم، بەڵام وێنەگرێك نیم لە ڕووەوە وێنەبگرم، وێنەگرێکم لە گۆشەیەکەوە وێنە دەگرم کە نابینرێ. ئەویشت نیشان دەدەم، ئیتر بە خۆت چ دەکەی بیکە، بزانە چی باشە. لە ژیانی نووسینی خۆشماندا لە کوردستان هۆی گرنگ، چۆنیەتی پێوەندی کۆمەڵایەتییە. ڕۆمان بە پێناسەیەك لێکدانەوەی پێوەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە، بە بڕوای من سەخترین چیرۆك کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (کاراکتر ئستۆری) واتە داستانێ کە کەسایەتی کەسەکان نیشان دەدات. نیشان دانی کەسایەتی کەسەکان لە قسەو لە جوڵانەوەو لە تایبەتمەندییەکانی خۆیدا. هەروەها بیریش دێتە پێش، کە بەشێکە لە پێکهاتەی کەسەکە خۆی، هێڵی بیریش بەشێکە لەبوونی، بەڵام چیرۆکێك کە (ئاکسیون) یان جووڵە و بزاڤی هەبێت ڕشتەی ڕووداوەکان بە شێوەیەك بێت کە خۆڕاگری و فراوانی پانتایی چیرۆك دیاری بکات.

ڕووداوێك ببێتە زەمینەی ڕووداوێکی تر، ئەم ڕووداوە دووبارەی زەمینەی ڕووداوێکی تر بێت، کۆی ئەمانە زەمینەی ڕووداوی پێنجەم بن... ئەمانە لە کوردستاندا هەم شێوەی زۆرە و هەم نموونەشی زۆرەو هەم نووسەر دەستی کراوەترەو دەتوانێ لە نێو هەژارەکاندا ببینێ ئاغاو دەرەبەگ چۆن هەژاران ئازار دەدەن، لە کۆندا لای ئێمە وابوون جا نازانم ئێستە ئەم دیاردەیە ماوەتەوە یان نا، بۆ نموونە دەتبینی ئاغا کابرای لەناو ماڵومنداڵدا لە پێش چاوی دەزگیرانیدا دەیوت بیخەنە ناو حەوزی ئاوەوەو تێی هەڵدەن، تیروپڕ تێیان هەڵدەدا.. من زۆر شاهیدی ئەم دیاردانە بووم، لەدێ دەریان دەکرد، دەزگیرانە هەژارەکەشی لەناو پەنجەرەدا دەیڕوانییە دەزگیرانەکەی.. ئەمە چی بەسەرهات؟ لەناوەوە ئەوە (کاراکتر ئستۆریە) ئەڵبەتە سەختە بۆ نووسەرێك کە ئەزموونی نەبێت، بۆ نووسەرێك کە لە نزیکەوە ئەمانەی نەچەشتبێ، بەڵام داستانی تر زنجیرە ڕووداوی زۆرەو توانای مانەوەی زیاترە، چونکە ئێمە هەستێکی لەسەر پێ و ئامادەمان هەیە تا بزانین دەبێتە چی؟

چی بەسەر دێ؟ بەدوای هەرچی بەسەرهاتە دەچین؟ بۆ چیرۆك نەوەك بۆ قووڵ کردنەوەی کە بچێتە ناو دەروونی داستانەوە.

*** لە نێو ئەو ناوانەی کە ئێستا ناوت هێنان کوردانی تر هەن کە لە ئێراندا دەنووسن وەك (عەلی ئەشرەف دەروێشیان) و (مەنسووری یاقوتی) و هی تر.. لەم ناوانە کامیان نووسینەکانیان گیانی کوردیان زیاتر تێدا زیندووە..؟**

برایم یوونسی: جگە لە عەلی ئەشرەف کوردێکی ترمان هەبووە بە ناوی (نصرت نویدی) کوڕی سوڵتان تاهیر خان بوو، لەگەڵ ئێمە زیندانی بوو کە دواتر بە نەخۆشی شێر پەنجەی سییەکان مرد، چەند شانۆنامەیەکی باشی نووسی، تا ئەو ڕادەیەی بە باشترین شانۆنامەنووسی ئێران دەستنیشان کرا..

*** کەشوهەوای نووسینەکانی چی بوون..؟**

برایم یوونسی: ریالیست بوون، زەمینەی کارەکانیشی کوردی بوو، ئەوەی لە بیرم بێت سێ شانۆگەری لەسەر شانۆی شاردا نیشاندرا کە یەکیان ناوی(سەگی دەر خرمنجا) و ئەوی تریان (تام ئارەزووها) و سێیەمیان (رزق) بوو. هەر ئەو نووسەرە زنجیرە چیرۆکێکی جوانی نووسیوە کۆمەڵە چیرۆکەکەی ناوی (زندگی درون مادرم) کە ناوەڕۆکی بریتی بوو لەوەی دایکی وەختێ خەون دەبینێ، سەیر دەکا تەعبیری خەونەکانی خۆی چۆنە؟ نووسینێکی زۆر جوان بوو، نووسەرێکی زۆر باش بوو، بەڵام بەداخەوە کەم تەمەن بوو، منیش بەدوای براکەیدا دەگەڕام کتێبەکەیم بۆ بدۆزێتەوە، تا، بەڵکو بتوانین دووبارە چاپی بکەینەوە.

*** ئەویش هەستی بە کورد بوونی خۆی دەکرد..؟**

برایم یوونسی: بەڵێ کورد بوو، لە دڵەوە زۆر کورد بوو..

*** ئەی عەلی ئەشرەف دەروێشیان کام بەرهەمیتان لێ خوێندۆتەوەو بەدڵتانە..؟**

برایم یوونسی: بە بڕوای من ئەگەر عەلی ئەشرەف دەروێشیان چیرۆکی کورت بنووسێ باشتر لە چیرۆکی درێژو ڕۆمان دەنووسێ..

*** دوایین نووسینی ڕۆمانی (ساڵە هەوریەکانە) ئەمەیانت پێ چۆنە کە ئەویش هەر لە بیرەوەرییەوە نزیکە.**

برایم یوونسی: بەڵێ زۆر لە بیرەوەری نزیکە، بەڵام شێوازێك کە پێی نووسیوە، شێوازی ڕاستەوخۆی (ئەحمەد مەحموود)ە، بەڵام زۆر شت هەیە کە من پێم وایە دروست نییە، بۆ نموونە لە کوردەواریدا کە دەچنە خوازبێنی کابرا لە پیاو ناپرسێ بە منداڵی بۆخۆت چۆن بووی؟

وایان لەگەڵ کردووی؟ یان وایان لەگەڵ نەکردووی؟ ئەویش لە (کولیا)دا وای کردووە. من چوومەتە کولیای، لە (کولیایی) دا لە عەشیرەتەکاندا کاتێك بووك بزانێ زاوا سوننەت نەکراوە دەستی بۆنەداو دوایی بڵێن چییە ئەم قیژە قیژە بڵێ کابرا سوننەت نەکراوە بیهێنن بیخەنە ناو کەنوویەکەوەو زەکەری کابرا لە کونەکەوە بهێننە دەرەوەو بە بەرچاوی

خەڵکەکەوە بیبڕن، ئەمە من ناتوانم قەبووڵی بکەم، چونکە شتی وا قەت نەبووەو نەکراوە. ئەم شتانەو زۆر شتی ترم قەبووڵ و پەسەند نییە. یان بۆ نموونە جۆرێکە وەك عاشقی پیسی و فەقیری بێت وایە. دەڵێ نووسەر عاشقی ئەو شتانەیەو بەدوایدا دەگەڕێ کە دەبینێ هەموو وەسف کردنەکانی یەك جۆرە مەسەلەن.. لەم ماڵەوە بۆ ئەم ماڵ کە شتومەك دەگوێزنەوە، تەنیا شتەکان دووبارە دەبنەوە. واتە پازدەجار کە ماڵ دەگوێزنەوە، پازدەجار باسی چۆنییەتی ماڵ گواستنەوە دەکەن، چونکە نووسەر دەبێت پێناسەی بکات تا هەموو پێناسەکانی تری تێدا بێت. بە ئاماژەیان ڕاستەوخۆ، ئەویش ئەگەر چیرۆکەکە ئیزنی بدات، چونکە چیرۆك شتێکە وەك مۆسیقا، ئەگەر بڕیار بێت ئەملای هەڵماسێ و ئەولای قوپاوو لاواز بێت، ئەوە پێکهات و هاوتای دەشێوێ، وەك تابلۆی نەقاشی وایە، ئەگەر بڕیار بێ لووت ئەوەندە بەرزبێ سیمای دەمووچاوی چی بەسەر دێت..؟

*** بێگومان کورتە چیرۆکەکانی (مەنسووری یاقوتی)ت خوێندووەتەوە، ئەویش هەر کوردی کرمانشایە وەك عەلی ئەشرەف.**

برایم یوونسی: بەخوا ئەمیان پەسەند ناکەم، چونکە مەنسوور خۆی بەرەخنەگریش دەنوێنێ، لەوە بەولاوە دەبینی (محەمەد ئەفغانی)یە کە ڕۆمانی (شوهر ئاهو خانم) ی نووسیوە، بێگومان بێ ئیراد نییە، ئەویش ئەفسەر بوو لەگەڵ من زیندانی بوو، شەوێك پێکەوە لە شوێنێك میوان بووین بەمنی وت تکا دەکەم ڕۆمانەکەم بکە بە ئینگلیزی هەرچی پارەت دەوێ دەتدەمێ.. وتم مەسەلە پارە نییە..

*** ئەگەر بکرێ بە کوردی پێی خۆش دەبێت..؟**

برایم یوونسی: وەڵڵا زۆری پێخۆش دەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی کە پارەی چاپ کردنەکە بدات دەبێت لەگەڵی قسە بکەین، جا مەبەستم ئەوەیە ڕۆمانی (شوهر ئاهو خانم) جگە لەو شتە زیادانەی کە تێیدایە وەك کابرای تارژەن لە کرمانشا قسەی شکسپیر دەیکا زۆر نابەجێیە، دەبێت نووسەر پێشتر نیشانی بدات کە کابرا لە جێگەیەکی بەرزەوە دابەزیوە، زەمینەی کوێیە دەبێ بە ئاماژە نیشانی بدات کە منی خوێنەر بزانم ئەم کابرا بەدبەختە شازادەیەکی ڕووسە هاتووە بووەتە تارژەن کە قسەی شکسپیر دەکا، جگە لەوەی پێوەندییەکە سەبارەت بە دوو هەوێ، لە هیچ شوێنێکدا ئەوەندە جوان و وردو دروست نیشانی داوە.

*** لە باسی ئەو بەرهەمانەی کە کەشوهەواو ناوەڕۆکەکەیان کوردییە، لە بەرهەمەکانی تری کوردستانی عێراق لە بواری چیرۆك چیت خوێندۆتەوە..؟**

برایم یوونسی: ئەوەی ڕاستی بێت چیرۆکی کوردیم لە کوردستانی لای ئێوە نەخوێندۆتەوە..

*** ئەی لە چیرۆك نووسانی ئەم بەشەی کوردستان؟**

برایم یوونسی: (زریکەو تەنگانە)ی عەتای نەهاییم خوێندۆتەوە کە خۆی بۆمی ناردبوو کە لەگەڵ شێوەی نووسینەکەیدا نیم، بە بڕوای من چیرۆکی چیخۆڤ بۆ نووسەری ئێستای کورد هەرچەندە بیرێکی باشی هەبێت باش نییە، چیرۆکی چیخۆڤ تەنیا خاڵێکە، بۆ نموونە ئەم کابرایە بێ خەیاڵە، کەم خەیاڵە، چیرۆکی چیخۆف لە دەوروبەری ئێمەدا ڕێك نابێت، چیرۆکی چیخۆف، چیرۆکی بێزارییە لە شێوەی شارستانییەت، دەبێت ئەوەش بڵێم کە چیخۆڤ کەسایەتییەکی بەناوی قارەمان نییە، دەتوانم بێژم هەموویان لە یەك ڕێژو ئاستدان، دەڕوانی ئەنجامی کاری هەموو کەسایەتییەکان دیار نییە.

*** لەبارەی وەرگێڕان جەنابتان کام ڕەوشی وەرگێڕان پەسەند دەکەن؟**

برایم یوونسی: ڕۆژێك ئێمە چووینە گۆڤاری (ئادینە) کابرایەکی لێ بوو ناوی (کاشیگر) بوو، دەیووت دەمەوێ (تیۆری وەرگێڕان) بنووسم.. وتم کاکە تیۆری وەرگێڕان چییە؟ بڵێ وەرگێڕان.. یان تۆ زمانەکە دەزانی یان نایزانی.. دەبێت هەردوو زمانەکە بزانی، هەردوو زمانت کە زانی و پێت نووسی، چوارچێوەی دەدۆزییەوە کە چوارچێوەکەت دۆزییەوە قەڵەمەکەت هەڵگرەو وەربگێڕە ئەویش ئایا (وەرگێڕانی واتا) یان (وشە بەوشە)ی دەکەی.. کە وەرگێڕانی واتا زیاتر بۆ ڕۆمان دەشێ ئەوی تریان وشە بەوشە زیاتر بازرگانییە بەمە دەڵێن **Litrotransti shen** کە زیاتر پارەکەی لەبەرچاوە، یان وەرگێڕانی وەزارەتی دەرەوەیە کە مەسەلەی بەڵێن نامە دێنێتە گۆڕێ و وەری دەگێڕێ، چونکە بەرپرسیاری تێدایە، وەرگێڕانی ڕۆمان زیاتر وەرگێڕانی واتاکەیە، واتە کابرا شتێکی نووسیوە تۆ وای وەرگێڕی و بنووسی وەك ئەوەی خۆت نووسیبێتت.